# عەتیق رەحیمی: تاوان وسزا لە ئەفغانستان




عەنیق رەحیمی لە رۆمانەکەیدا (نەفرەتی دۆستۆیفسکی) هەوڵدەدات لاسایی رۆمانی (تاوان و سزا)ی دۆستۆیفسکی روسی بکاتەوە. رەسوڵ پاڵەوانی رۆمانی رەحیمی لە فۆرم و ناورۆک دا، لاسایی راسکۆلینکۆفی پاڵەوانی دۆستۆیفسکی دەکاتەوە. رەسوڵ هەڵدەستێت بەکوشتنی ئەو ژنەی کار بە ئافرەتان دەکات و بەکاریاندەهێنێت. هەرکە رەسوڵ تەورەکە بەرزدەکاتەوە بۆئەوەی لەسەری ئەو پیرە ژنە بدات، رۆمانی تاوان وسزا بە زهنیدا گوزەر دەکات، رایدەچەنێت، دەستی دەلەرزێنێت، قاچی خوار و خێچ دەبێت، ئیتر تەورەکە لەدەستی دەکەوێتە خوارەوە، لەکەللە سەری پیرە ژنەکە دەچەقێت. بەبێ ئەوەی درک بکات چی دەکات ئەندێشەی کارەکە دەکات، لەو ساتەوەختەدا دەنگی ئافرەتێک دەبیستێت کەبەرەو ژووری پیرە ژنەکە دێت، بانگی دەکات( دایە عەلیا). لێ رەسوڵ نازانێت چی بکات، ئایا تاوانەکە تەواو بکات ئەو ژنە بێ گوناهەش بکوژێت، یاخود پارە و ئاڵتونەکان بدزێت و هەڵبێت؟ پاشان لە ساتێکدا بەرەو پەنجەرەکە رادەکات، خۆی لەپەنجەرەکە دەخاتە خوارەوەو هەموو شتێک لەدوای خۆی جێدەهێڵێت.

**هەیسەم حسێن**

لە عەرەبییەوە: ئەحمەد

ئارمایی و نەفرەتی پاڵەوانی دۆستۆیفسکی بەدواوەیەتی، بیر لەوەو لەچارەنوسی خۆشی دەکاتەوە، پرسیار دەکات رەنگە ئەو دنەی دابێت ئەو ئاوانە ئەنجام بدات، بەو پێیەی سەرگوزشتەکەی زۆرر لەقوڵاییدا خۆی شاردووەتەوە، هەروەها پرسیار دەکات کێ ئەم کارەی لێ ئێکدا، ئایا ئەو ژنەی بەرەو سەرەوە دەهات، یاخود دۆستۆیفسکی؟ مەزندەی ئەوە دەکات، دۆستۆیفسکی کارەکەی لێ ئێکداوە، ئەویش بە رۆمانی (ئاوان وسزا). رایچەنی ولەجموجۆلی خست، نەفرەتی لێکرد ورێگری کرد لەوەی چارەنوسی راسکۆلینکۆف دووبارە بێینەوە، ئەمەش بەوەی ژنێکی ئری بێ گوناە نەکوژێت، ماڵ و ئاڵتونەکان نەبات، کە وەک یادەوەریەک ئاوانەکەی بیردەهێنێنەوە. بەمەش دەبێنە نێچیری پەشیمانی، رۆدەچێنە نێو ئەوەی هەست بە گوناهە بکات، پاشان کۆتاییەکەی زیندان دەبێت. بەلایەوە باشترە ئەو چارەنوسە هەڵبژێرێت، نەک وەک گەمژەیەک رابکات، وەک ئاوانبارێکی نەزان دەستی بەخوێن سوربێت وهیچ لەگیرفانەکانیان نەبێت. نەفرەت لە دۆستۆیفسکی و پاڵەوانەکەی دەکات. لەگەرمەی بۆردومانکردن و کەوتنی رۆکێنەکان لە هەرچوار لاوە، بنەماکان دەروخێن، مرۆڤەکانیش دەکەونە زەلکاوی ئاوان و ئۆڵەکردنەوە. لێ رەسوڵ دەنگی خۆی بزر دەکات، ئەمەش وەک هێمایەک بۆ نەبوونی کاریگەری و پوچی هاوارکردن لەنێو ژاوە ژاوی دەنگی ئۆپ و شێنی چەکەکان. هەوڵەکانی بۆ گەڕاندنەوەی دەنگی بێ هودە دەبێت، بەمەش لەلایەک جێگای گاڵتەپێکردنی چوار دەوری

**نێچیری پەشیمانی، رۆدەچێتە نێو ئەوەی هەست بە گوناهە بکات، پاشان کۆتاییەکەی زیندان دەبێت. بەلایەوە باشترە ئەو چارەنوسە هەڵبژێرێت، نەک وەک گەمژەیەک رابکات**

دەبێت، لەلایەکی ئریشەوە جێگای بەزەیی دەبێت کەنێکەڵاوە بە رق و ئیرەیی. دەنگی ناوخۆی دەنگدانەوەیەکی گەورەی ئاوانە مەزنەکەیە لەرۆحی خۆیدا، کائێکیش بۆ بەرامبەرەکانی دەگێڕێتەوە، بە شتێکی نەبووی دادەنێن بەرامبەر ئەو ماڵ وێرانی و کارەساتەی کە روودەدات، لەبەرامبەر ئەو ئاوانە مەزنانەی دووبارە دەبنەوە. لەسەر دەفتەری سۆفیای خۆشەویستی کە وەک یادگاری هەڵیگرتبوو(ناوەکەی لە ناوی سۆنیای خۆشەویستی راسکۆلینکۆف دەچێت) ددان بە ئاوانەکەی خۆیدا دەنێت. بیانو بۆئەوە دەهێنێتەوە ئەو پیرە ژنەی بۆیە کوشتوە، بۆ ئەوەی رێگری

بکاتْ لە بەکاربردنی ئەو کچانەی لای کاردەکەن. هەستْ بەنەبوونی ئینیما و رەوینەوە و بزربوونی




شوناس دەکاتْ لەنێو شێنی و جەنگ و کوشتنەدا، کە هیچ لەشەرەف و پاکیزەیی نازانێتْ، هەموو لایەک بەناوی شەرەفی لەبارچووەوە خەڵک دەکوژن. هەوڵدەداتْ کەسێک بدۆزێتەوە گوێبیستی سکاڵا و دانپێدانانەکانی بێتْ، لێ لەبەرئەوەی دەنگی خۆشی بزرکردووە، بەساویلکەیی و سەرلێشێواو دەردەکەوێتْ، لەکاتێکیشدا مکورە لەسەر دانپێدانان، پەراوێز دەبینێتْ، کە فەرماندەی سەربازگەیەک و بەرپرسی ئاسایشە. بەباروودۆخی رەسوڵ کاریگەر دەبێتْ، لەگەڵیدا هاوسۆز دەبێتْ، بە بێ گوناهی دادەنێتْ. هەوڵدەداتْ وەک راسکۆلینکۆف بێتْ ولاسایی بکاتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی رەسوڵ چەند پەرەگرافێک لە رۆمانەکەی بۆ دەخوێنێتەوە. پەراوێز هەوڵدەداتْ بیانو و پاڵنەرەکانی تاوانەکەی بدۆزێتەوە، هەولێ سوککردنی بارگرانیەکەی بکاتْ، کوشتنی ئەو پیرە ژنەش بە جێبەجێکردنی دادپـــەروەری نـاودەبـاتْ، رەسـوڵ جەختکردنەوەی راسکۆڵینکۆف بۆ خودی خۆی دێنێتەوە یـادی، کە پیرەکە دەکوژێتْ، ئەوەش بە ئینیمابوون بۆ ئەقڵ ناوزەددەکاتْ، کە بە پۆستْ (چاکە و خراپە) پۆلێن دەکرێتْ.

ژیانی بە ناخۆش ، ئەوەی خەویشی پێوە دەبینێتْ بەنیعمەتْ، ئـەوەی بووەتە مۆتەکە و راویدەنێتْ بەنەفرەتْ وەسفدەکاتْ. ترسی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، هەستْ بەوە دەکاتْ لەلایەن ئەو تۆێژەی لەخەونەکەی رایکردووە داگیردەکرێتْ. ئەو ژنەی لەکاتی تاوانەکەدا بەسەریدا هاتووە، یارموحەمەد خاوەنـی ئـەو خـانـوەی بەچەقۆ و رق چـەکـدارە، رازمۆدین ئامۆزای کە چاوی بڕیوەتە خوشکەکەی، ئەنانەتْ دۆستۆیفسکی بە رۆمـانـی(تـاوان وسـزا)ی نەفرەتْ لێکراو. هەوڵی هاوارکردن دەداتْ، بۆئەوەی ئابرۆی هەموو ئەوانە بباتْ، کەبەناوی داب و نەریتْ و ئاین و شەرەف هانی خەڵک دەدەن بۆ کوشتن، بۆ تۆڵەکردنەوە، ئاودانی رەگی جەنگ، کە هۆکارەکەی نازانن و کارەسانەکەی درک پێ ناکەن.

لەسیاقی رۆمانەکەیدا رەحیمی باس لەهەندێک ئەو فاکتەرە ژینگەییانە دەکاتْ، کە بەشداربووە لە داواکاری جەنگ دا، وەک بەسنەڵەکبوونی هەوا و درێژخایەنی مـاوەی وشکهەڵاتن، کەبووەتە هۆی بەبیابانبوون

وهەموو رۆحەکانی گرتوەتەوە، هەموو شتێکی بەجێگیری لە زۆنگاوی خۆیدا جێهێشتوە، بارودی جەنگ، دوکەڵی ترس، پشکۆی رق وکینە، هەروەها هەندێک پرسیار لەسەر زوبانی گوێ درێژەکەی رەسوڵی سەرلێشێواو دەخاتەروو، چەند پرسیارێکی بنەرەتیە کەمرۆڤ لەولاتی خۆیدا بەمێشکیدا نایەت ئەو پرسیارانە بکات، دەنگ دانەوەی پرسیارەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە،کە دەبێت وەڵامەکانی بنوانێت ئەو نارۆشنیە برەوێنێتەوە و هەقیقەت بخاتەروو، لەوانە(بۆچی بزربوم؟ بۆچی ئێتر رێگای خۆم نازانم؟بۆچی پێی ئاشنا نەبوم؟ بۆچی ئەم رێچکەیە بۆمن نامۆیە؟ئایا بەهۆی شەوەوەیە؟ یان ترسە؟ یان هیلاکیە؟ یان گومانە؟). پاشان بیر لەخۆکوشتن دەکاتەوە، بەڵام درک بەپووچبونی ئەم بیرۆکەیە دەکاتەوە کە هیچ ئامانجێکی نییە.

لەوڵاتێکدا ئەوەی بەدوای جێبەجێکردنی دادپەروەری و یاساوەیە بە شێتبوون تۆمەتباردەکرێت، ئازار دەچێژێت، پەشیمانی دەیخواتەوە، نهێنیش ئازاری دەدات،کانێکیش فەرمانڕەوا غازی سوهەیب بریار دەدات، گوێبیستی دانپیاهێنانەکانی بێت، وەک دەسپێکێک بۆ دادگاییکردنی، ئەوا کوشتن هۆکاری راستەوخۆنابێت بۆئەوە، بەڵکو خولیای ئەو هەڵماڵینی چارەنوسی ئەو پارەو ئاڵتونەیە کە پیرە ژنەکە هەیبوو، کەیەکێک لەخزمەکانیشی بەشێکی رەهنی ئەو بوو. دادگاییکردنە شانۆگەرییەکە کافکاییانە دەبێت، کەتیایدا مشتومڕ دەربارەی تاوانەکە نەگەواهیدەری هەیە نەقوربانی، بەڵکو تەنها دانپێدانانێکی هەڵچوونیە. نامۆبوونی تاوانەکەی رێگر نییە لەوەی بەدوای سزایەکی نامۆدا بگەرێین. هەمووان سەریان سوڕماوە لە وەسفکردنیدا، پەنهانی کێشەکە لەچۆنیەتی ئەوەدا نییە ئەوانی تر چۆن بریاری لێوەدەدەن. رەسوڵ بەپەراوێز دەڵێت کێشەکە خودی خۆیەتی، تاوان پارچەیەکی ناوخۆیی گڕگرتوە لەرۆح دا، ئەو ئازارەیە کە زۆر پێی کاریگەرە. وا دەکات قەناعەت بەبۆچونەکەی بهێنێت، کە جەنگ رۆژێک کۆتایی دێت، کەیەکێک لەسەربازگەکان قبوڵی قوربانی دان دەکات، داوای تۆڵەکردنەوە ناکات.

لێرەوە زەرورەتی راگەیاندنی پرسە بەسەر کار و تاوان و تۆڵەکردنەوەدا دێت، تەنانەت پرسە بۆ قوربانیش.

دەیەوێت دادگایی بکرێت، بۆئەوەی خۆە نیشانی ئەو کەسانە بدات، کەوەک ئەون،تاوانیان ئەنجامداوە بێ ئەوەی هەست بەو لێپرسراوێتیە بکەن، کە لە هەستکردن بە ئازاری ویژدانەوە پەیدا دەبێت، هەروەها دەیەوێت دادگاییکردنەکەی و سزادانەکەی گەواهی نادادپەروەری ئەو سەردەمە بدات، سەردەمی درۆ و دووروویی، رەنگە کڵپەیەک بێت بۆ دادگاییکردنی تەواوی تاوانبارانی جەنگ. پەراوێز لەدادگادا داکۆکی لە رەسوڵ دەکات، دوای ئەوەی باوەر بەفەلسەفە تایبەتەکەی دێنێت، دەڵێت بارودۆخی رەسوڵ ئایدیالیسنە وانەیەکی نایابی لەقوربانیدان پێشکەشی هەمووان کرد، ئەگەر هەریەکێک توانی هەموو کاروکردەوەکانی بخاتە ژێر لێپێچینەوە وبەرپرسیارێتی، ئەوا بەسەر پەشێوی براکانی تێو دەوڵەتدا سەرکەوتودەبوون. بەم شێوەیە پەراوێز یەکەم کەسێک دەبێت ئەو هزرە نوێیە بەرجەستە دەکات، کە متمانەی پێیەتی، لەتێو سەرسورمانی خەڵکدا خێرا هەنگاو دەهاێژێت بۆ قوربانیکردنی رەسوڵ، وەسیەتی ئەوە دەکات، بنێژرێت وتۆڵەی بۆنەکەنەوە، بەم شێوەیە رێگای تۆلێرانس بۆئەوانی تر خۆش دەکات.

رەحیمی پاڵەوانەکەی دەکاتە شەهیدو پەیامبەر ئەو قۆناغەیە بۆ کورانی وڵاتەکەی، وەسیەتەکەی بۆهەموان لەسەر زوبانی فەرماندە پەراوێز دەبێت، وەسیەتی ئەوە دەکات بۆچوونەکانی دۆستۆفسکی بخوێننەوە لەپشت دەروونناسی مرۆڤەوە، بۆئەوەی بەمیتافیزیک بگات، هەروەها جەخت دەکاتەوە نوسینی(تاوان و سزا) دەبێت لە ئەفغانستان بخوێنرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەو هیوایەی تاوان کەم ببێتەوە.

**سەرچاوە:**

-سایتی گوگل


گۆڤارێکی فکریی، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ساڵی نۆیەم .... ژمارە (٤١) تشرینی دووەمی ٢٠١٢